# وێنەکانی پێغەمبەری ئیسلام



کاوە ئەمین
kawaamin@passgen.se

ئازادی چاپەمەنی و ڕادەربڕین، کۆڵەکەی سیستەمی دیموکراتین، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە سنوورێک بۆ سووکایەتی دانەنرێت؟ بە تایبەتی کاتێک بە مەبەست کارێکی وا بکرێت.
بڵاوکردنەوەی ئەو "کاریکاتێرانەی" لەسەر پێغەمبەری موسڵمانان موحەمەد (د.خ) لە ڕۆژنامەی دانمارکی (یلاندە-پۆستین) بڵاوکرایەوە و پاشانیش لە لایەن چەندین ڕۆژنامەی ئەورووپییەوە، تەنها بۆ سوکایەتیی و بریندارکردنی هەستی موسڵمانەکان بوو، بە تایبەتی لەم کاتەدا کە لەگەلێک لاوە هێرشێکی نارەوا و بێمانا، بەمناسەبە و بێمناسەبە دەکرێتە سەر ئیسلام، ڕۆژێک وەک تیرۆریست، ڕۆژی دوایی وەکو دواکەتوو، بە تایبەتی ئەو وێنانەی پێغەمبەر هیچ پەیوەندییەکیان بە ئازادی رادەربڕینەوە نییە و مەبەست لە بڵاوکردنەوەی بۆ باشترکردنی مافی مرۆڤ و تێگەیشتنی دین و کولتووره جیاوازەکان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەورووپییەکان دەیانەوێت دیوارێکی ئاسنین لە بەینی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا هەڵچنن، بە تایبەتی دەیانەویت رای گشتی خەڵک بورووژێنن تا زیاتر نەفرەت لە ئیسلام بکەن، بە تایبەتی کە وڵاتێکی وەکو تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکییەتی ئەورپا. شتێکی ڕێکەوت نییە کە ئەو وێنانە یەکەمجار لە دانمارک بڵاوکرانەوە، کە لەوێ بیروبۆچوونی دژەبیانی لە هەڵچووندایە و سیاسەتی کۆچکردن و وەرگرتنی پەنابەر لەو وڵاتە تا دێت شێوەیەکی "ڕاسیستییانە" وەردەگرێت.
دەکرێت ئەم ترسە لە ئیسلام کە ئەورووپییەکان پێیدەڵێن (ئیسلاموفۆبی) وەکو سەردەمی پێش جەنگیی جیهانی دووەم کە نازیستەکان بە دژیی جوولەکە دەیانکرد بەراورد بکەین، ئەگەرچی زەمینەی دووبارەکردنەوەی ئەو کارەساتەی بەسەر جوولەکەکاندا هێنرا، ئێستا لەبار نییە، هەرهیچ نەبێت بە شێوەیەکی وا گەورە، بەڵام وەک دەبینین تا دێت گرژیی نێوان گرووپە دینییەکان، پەرە دەستێنی.
گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان کە تۆلەرانسیان ئەگەر سفر نەبێت ئەوا لە نزییک سفرەوەیە، بۆ بەدەستهێنانی دەستەڵات و بەرنگاربوونەوەی نەیارەکانیان کەڵک لەو گێرشێوێنیانەی ئەورووپییەکان وەردەگرن. ئەوەتا یەکێک لە باڵە چەکدارییەکانی فەتح لە فەلەستین تازە ئەو وێنانەیان بە بیر هاتۆتەوە و دەیانەوێت سەرنجی رای گشتی و عەرەبی و ئیسلامی، بە هەرەشەکردن و سوتاندنی ئاڵای دانمارک، بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەوەش دوایی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی حەماس کە لە هەڵبژاردنەکەی ئەم چەند ڕۆژەی پێشودا، ئابرووی سیاسی بۆ نەهێشتنەوە. لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کە بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش وای کردووە کە مرۆڤەکان بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا بگەڕێن کە ئەوان لە ئاینی

ئیسلامدا دەبیبنەوە و تەفسیرکردنی ئاینیش بە تایبەتی تەفسیرکردنێکی هەڵە لەلایەن هەندێک مەلای نەخوێندەوارەوە کە بۆخۆیان لە هیچییان کەم نییە، لە ماڵ و موڵکەوە بگرە هەتا ئەوەی کە بەخەیاڵیی خۆشیان ئەودنیاشیان مسۆگەر کردووە، بۆیە لاوەکان بەرەو توندووتیژیی هان دەدەن، دەنا ئەوە بۆ مەلایەک نەهاتە قسە لە ئاست ئەو سەربڕینانەی بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێن وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ئوردونی دوای ئەوەی سێ وێنەی لەو وێنانە بڵاوکردوە دەڵێت: "ئایا ئەو وێنانە دەموچاوی ئیسلام ناشیرین دەکەن یانیش ئەو کەسانەی بە چەقۆکانیی دەستییانەوە خەڵک سەردەبڕن و بە ڤیدیۆ بڵاویی دەکەنەوە"، پاشان دەڵێت ڕۆژنامەکەمان بۆیە ئەو وێنانەی بڵاوکردۆتەوە تا خەڵک بزانن بەدژیی چی ڕاپەڕیوون. واتە شتەکان دوو لایەنەن، ئەوەی کە ڕۆژئاواییەکان بە مەبەست سووکایەتی بە موسڵمانان دەکەن و دەچن دەرزیی دەکەن بەو شوێنەدا کە زۆرترین ئازارییان دەدات و لەلایەکیی ترەوە موسڵمانان هەندێک جار ڕەدفیعلی نائاقڵانە دەدەنەوە کە زیانی زیاترە لە قازانجی، بۆیان.

دنیایی ڕۆژئاوا و دنیایی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی وڵاتانی ئیسلامی، دوو دنیا تەواو پێچەوانەن بە تایبەتی تێروانینییان لەسەر شتە دنیایی و دینییەکان، ڕۆژئاوا بە تەواوەتی سێکولارە و دین و دەوڵەت لەیەک جودان، ئەمە بە پێچەوانەوەیە لە وڵاتانی ئیسلامیدا. هەندێک لە موسڵمانانی بەریتانیا خۆپیشاندانیان بە دژی دانمارک کرد، کە هەندێک کەسی توندرەو بە ئاشکرا هاوارییان دەکرد" ئەروپییەکان، هەقتان لێدەکەینەوە و بنلادن بە ڕێوەیە"، پۆلیسی ئەو وڵاتەش پارێزگارییان لێدەکردن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگایان لێ نەگرتن. کەواتە وەک دەبینین کۆمەڵگای ئەوروپا، کۆمەلگایەکی کراوە و بە تەحەمولە و یاسا سەرووەرە، ئەگەرچی ئێستا لە ژێر ناوی دژایەتی تیرۆردا، کەس لە خۆی دڵنیا نییە، بە تایبەتی پەناهندەو موسڵمانەکان، ئاخر ڕۆژانە بە ناوی ڕێگاگرتن لە تیرۆرەوە، ئیمەیل، تەلەفون و هاتووچۆی سەدان کەس چاودێری دەکرێت.

تێزەکەی نووسەری ئەمەریکی ساموێل هەنتینگتۆن (پێکدادانی شارستانییەکان) تا دێت زیاتر زەمینەی بۆ خۆشدەکرێت، لە لایەک ڕۆژئاوا بە ڕێبەرایەتی ئەمەریکا(لە ڕاستیدا کۆمەڵێک گرووپی جوولەکە و مەسیحی دەستیان لەم پێکدادانە دا هەیە) لە ژێرناوی بەدیموکراتیکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەکینەی شەڕیان خستۆتە گەڕ و لە لایەک گرووپە توندرەوە ئیسلامییەکان لە ژێر ناوی ئاین و بەهەشتدا، تەڕو وشک پێکەوە دەستووتێنن. واتە گرووپە توندرەوەکانی هەم ڕۆژئاوا و هەمیش ڕۆژهەڵات درێخیان نەکردووە لە بەنزین کردن بەسەر ئاگری دژایەتییەکانی نیوان موسڵمانان و مەسیحی و جوولەکە بەڵام وەک نووسەر تاریق عەلی دەڵێت:" جێگای سەرنجە کە ڕۆژئاوا لێبراوانە ئیسلامیان وەکو دێوێک لێکردووە. من بۆخۆم کەسێکی بێدینم هەم وەکو شەخسی خۆم و هەمیش لە کتێبەکانمدا، بەڵام ئەو حەقارەتەی کە ڕۆژانە بە ئیسلام دەکرێت و ئەو نەزانییە گەورەیەی ڕۆژئاوا لەسەر ئیسلام، خراپ کاریان تێکردووم". ئەم قەیرانەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، تەنها بە لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتن لە بەها کولتووریی و دینیی و مرۆڤییەکان، چارەسەر دەکرێت، ڕۆژئاوا دەبێت دەستەبەرداری لوتبەرزی و سەرکێشی خۆی ببێت بەسەر ڕۆژهەڵاتدا، هەمانکات ئیسلامییە توندرەوەکان دەبێت دەستبەردای شمشێر وەشاندن و ملپەراندن و خۆتەقاندنەوە ببن.